# چارەمان هەر جیابوونەوەی کوردستانە

**بنار مستەفا**

**پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستان و شەڕ و کێشمەکێش و ململانێی لایەنە سیاسیەکان لەسەر نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور، کە ئێستا دەستوورێکی کۆنەپەرستانەیان لە سەرچاوەی ئیسلامەوە هێناوەتە پێشەوە و دەیانەوێت بەسەر خەڵکیدا دایسەپێنن، جگە لە پێشێلکردنی تەواوی ئازادی تاک و مافی ژنان و لاوان و منداڵان، مەترسیەکی گەورەیان خستۆتە بەردەم خەڵکی کوردستانەوە و لە چارەنووسێکی نادیاردا ڕایدەگرن.**

**نووسینەوەی دەستوور لە هەموو لایەکەوە شکستی تەواوی ئەم حکومەتە بە زۆر دروستکراوە و لایەنە کۆنەپەرستەکانی دەرخست. حکومەتێک کە بە زۆری ئەمەریکا و لەسەر بناغەی قەومی و مەزهەبی و عەشیرەتی و لە هەڵبژاردنێکی نا شەرعیدا پێکهێنرابێت، هەر ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە، کە ناتوانن لەسەر بچوکترین خاڵ ڕێک بکەون. کاتێکیش کە لەسەر ئەم دەستوورە ڕێک دەکەون، ئەوا تەواو دژی خواستەکانی خەڵکییە، بە تایبەتی دانیشتوانی کوردستان.**

**لە کاتێکدا کە "نوێنەرانی کورد" لە بەغداد هەوڵ بۆ فیدراڵی دەدەن، دەیانەوێت کوردستان بلکێننەوە بە عێراقەوە کە دەستەڵاتەکەی پێک هاتووە لە ئیسلامی سیاسی و هێزە قەومی و مەزهەبیە کۆنەپەرستەکان، کە ڕاستەوخۆ بە مانای پلە دووی دانیشتوانی کوردستان دێت و چارەنوس و مافی خەڵکەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. کە دووبارە بوونەوەی لە چەشنی کارەساتەکانی بەعس بە دوور دانانرێت.**

**خەڵکی کوردستان نابێت بە هیچ شێوەیەک مل بەم دەستوورە کۆنەپەرستە بدەن و ڕێگە بدەن "نوێنەرانی کورد" لەبەر بەرژەوەندی خۆیان کاسپی بە چارەنوسیانەوە بکەن. وەک دەبینین هەموو دەرگاکان داخراون، ڕێگەی واقعی و گونجاو بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکە لە کوردستاندا، کە تیایدا خەڵکەکەی دەنگ بدەن بە جیابوونەوەی کوردستان، بو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی. بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر کاتی ئەوە هاتۆتە پێشەوە کە لە دەوری کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان کۆبینەوە و خۆمان ڕێک بخەین بۆ داکۆکی کردن لە خواستە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان.**

27.8.2005

bnarmustafa@yahoo.co.uk